### بە بۆنەی داگیرساندنی مۆمی شازدەمین ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ەوە

# ڕامان و هونەری فۆتۆگراف

**فارس سەعدی**

بە ڕاستی گۆڤاری ڕامان لەو ماوە دوورودرێژەی ڕابردوودا نەفەسێکی درێژی هەبووە، لەنێو ئەو هەموو بڵاوکراوانەی لە کوردستانی خۆماندا هەن، ڕامان ئەسپی خۆی تاوداوە و تایبەتمەندیی خۆی لە هەموو بوارەکاندا لە دەست نەداوە، تەنانەت لە بواری زمانەوانی و زمانی پاراوی کوردیشدا، هەروەها بایەخی بە بنەما هونەرییەکانی شێوە و ناوەڕۆکی گۆڤارەکە داوە. هەر لە سەرەتای دەست پێ کردنییەوە بایەخێکی چاکی بە وێنەی فۆتۆگرافی ڕۆژنامەوانی داوە، سەرەڕای دەیان چاوپێکەوتن و بڵاوکردنەوەی دەقی فۆتۆگرافی، بە پشت بەستن بە نوێترین سەرچاوەی فۆتۆوە. لەپاڵ ئەوەشدا بایەخێکی زۆری بە وێنەی دوکیومێنتاری داوە و بۆ ماوەیەکی زۆر گۆشەیەکی بۆ چاوی مێژوو کردبووەوە کە تێیدا دەیان وێنەی کۆنی کەسایەتییەکانی گەلەکەمان و بۆنە و ئاهەنگ و بابەتی دەگمەن لەم گۆشەیەدا بڵاودەکرانەوە، ئەگەر بێتو ئەو وێنانە کۆ بکرێنەوە ئەوە دەتوانرێ لە داهاتوودا ئەلبوومێکی وێنەداری فۆتۆگرافی بەچاپ بگەیەنرێ و بڵاوبکرێتەوە کە دەبێتە بەشێکی زیندوو لە مێژووی میللەتەکەمان.

گۆڤاری ڕامان دەست پێشخەر بووە لەوەی فۆتۆگرافەری کارامەی هێناوە و لەپاڵ کارمەندەکانی دیکەی کاریان کردووە، چونکە نەهاتووە پشت بەو سیستمە سەقەتەی جاران ببەستێ و وێنەیەکی پۆرترێتی کۆنی وشک و برینگی نووسەری دەقێک لەپاڵ دەقەکەیدا بڵاوبکاتەوە، بەڵکو دەهات بۆ هەر نووسەر و شاعیر و ڕووناکبیر و ئەدیبێک دەیان وێنەی فرێشی بۆ دەگرتن، بۆیە ئەرشیڤێکی دەوڵەمەندی لەم بوارەدا هەبوو، کە زۆرێک لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەهاتن دووبارە ئەو وێنانەی کە لە ڕاماندا بڵاوکرابوونەوە ئەوان بڵاویان دەکردنەوە، بێ ئەوەی ئەوانیش ئەم هەنگاوە پیرۆزە بنێن، ئەمەش گوێ نەدانە بە مافی کۆپی ڕایت، چونکە وێنەکان موڵکی ئەم گۆڤارە بە نرخەن.

لە کوردستاندا وێنەی فۆتۆگرافی و بابەتی نووسراو لەسەر فۆتۆگراف پشتگوێ خرابوو، فۆتۆگراف بە هەتیوی مابووەوە، بەڵام (ڕامان) لایەکی چاکی لەم لایەنە گرنگەی ڕۆژنامەوانی کردەوە و بەدەیان وێنەی جوانی پۆرێتی ڕۆژنامەوانی بڵاودەکردەوە، سەرەڕای ئەوەی دەهات پشتی بەو تواناییانە دەبەست کە نووسینیان لەسەر فۆتۆگراف هەبوو، کە ئەمڕۆ ئەمە بۆتە هونەرێکی سەردەم. لەپاڵ هەموو ئەمانەشدا وێنەی تابلۆی فۆتۆگرافی لە بەرگی ڕامان جێی شیاوی خۆی بۆ دانرابوو، بەدەیان وێنەی جوان و نایاب، بگرە لە بابەتی سروشت و ئەبستراکت و بابەتی ڕیالیزمی تێدا بڵاودەکرایەوە، باوەڕ ناکەم کەس هەبێت پێشتر ئەو بایەخە زۆرەی بە فۆتۆگراف دابێت، وەک ئەو بایەخەی ڕامان کە هەر لە سەرەتای دەرچوونی ژمارە (١)یەوە، هەنگاوی چاکی لەم بوارەدا بۆ ناوە.

ئەوەی جێی دڵخۆشییە ئەوەیە ڕامان بەبێ ڤیزە سنووری هەرێمی کوردستانی بڕی و پەلی بۆ دەرەوەی وڵات هاوێشت، لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە تا دەگاتە ئەورووپا، بە هەموو لایەکدا پەخش دەبوو، کەسانێک هەبوون لەو جێگایانەوە بەشدارییان لە (ڕامان)دا دەکرد، بۆیە ئەم گۆڤارە وەک مانگی درەوشاوە لەنێو جیهانی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا دەدرەوشایەوە و سومبلێکی بەرچاو و گەش بوو، فەزڵی زۆریش بۆ سەرنووسەری گۆڤارەکە دەگەڕێتەوە کە کاک (ئازاد عەبدولواحید)ە، کە نەفەسێکی درێژ و مامەڵەیەکی بەرپرسیانەی لەگەڵ ئەم گۆڤارەدا دەکرد، سەرەڕای کارمەندانی کە ژمارەیان زۆر کەم بوون لە چاو گۆڤارەکانی تری کوردستان کەچی ئەم بڕشتەشیان نییە، بۆیە من وەک فۆتۆگرافەرێک پڕ بە دڵ دەستخۆشی لەسەرنووسەر و تەواوی کارمەندانی ئەم گۆڤارە خۆشەویستە دەکەم.. هیوای بەردەوامی و بەرەو پێشچوونی بۆ دەخوازم.

